

# خۆیندنەوەیەك بۆ گوللەكانی غەفور

## جەزا چنگیانی

باش لەیادم نیە لە چ پەرتووك وچ قۆناغێكی قوتابخانەدا بوو...لەیەكی لە پەرتووكەكانی زمانی كوردی.ڕستەیەك هەبوو بۆ شیتەڵكردنەوە(عەولە سیس بە گوللەی ئیمپریالیزم كوژرا)عەولە سیس كوڕە هەژارێكی قارەمانی ڕاپەڕینەكەی بەردەركری سەرای سلیمانی بوو...پیاوەكانی توفیق وەهبی وپاشای عیراق كوشتیان.بەكارهێنانی گوللە و پەناربردنەبەرهێز بۆ زاڵ بوون بەسەر هێزێكی ئۆپۆزسوینی بیٚ چەك.كارێكی گەوجانە و ترسنۆكانەیە.زمانی گوولە زمانی تاوانە بەرامبەر سەرەتاترین مافەكانی مرۆڤ.چەك گەورەترین تاعوونە وجەستەی سەرجەمی مرۆڤایەتی خەڵتانی خوینكردوە.بۆیە تف لە چەك و نەعلەت لە گوللە....بۆ دەمكوتكردن وكوشتنی مرۆڤ و وەڵامی ووشە...كە كاك حەمە سەعید خەڵاتی( ئاراسی ) وەرگرت بە تەلەفوون پێكەوە دواین پێم ووت :

كاكە حەمە( تۆ لەو خەڵاتە گەورەتری) كاشكی وەرت نەگرتایە....

ئەوخەڵاتە خەڵاتی دەسەڵاتێكە كە بەشێك لە كۆمەڵگایەكی برسی و تینو ونەگبەتكردوە..كەسانێكی زۆر لەشاری خەڵاتەكەدا لەتاو بێكاری و بیٚ شوینی لە چلەی زستاندا لە دوكاندا دەژین...لەبەر گەندەڵی لێپسراوانی ئەو شارە( هەولێر) چەندەها ئافرەتی جەستەپیرۆز لەبەر بیٚ كاری جەستەیان بۆتە خۆراكی لێپسراوە چەند ژنەكان.لە میدیاكانی ئەوشارەدا چەندەها خانمی میدیاكار بوونەتە بازی دەستی لیپسراوان.لە شاری خەڵاتەكەدا نیوەی زیاتری دانیشتوان ئاوی خواردنەویان نیە...ئەم تاوانانە نابیٚ بە ئاسانی بە ویژدانی نوسەردا گوزەر بكات.بەشێكی تری دەسەڵاتی گەندەڵی و دكتاتۆری كوردی لە سلیمانی(جەلالیەكان)بە پێشكەشكردنی ئەو خەڵاتە لاملیان ئاوساو.ئەوخەڵاتەشیان خستە پاڵ گشت ئەونووسینانەی كاكە حەمە لەسەر جەلالییەكانی نووسیوە.بە تایبەتی(جەلالی نامەكەی)كە لە هەولێردا ڕەواجێكی فرەی هەبوو..كاكە حەمەپێش ئەم خەڵاتەش لەلیستی ڕەشی جەلالییەكاندا لەپێشی پێشەوە بووبۆ سزادان.یەكیتی وەك ڕیكخراویكی دڕ ودیكتاتۆر ناتوانی بیٚ تۆڵەو سزای نەیاری بژی.بۆیە هەمیشە لە هەلێك دەگەڕان تەڵەیەك بۆ كاكە حەمە بنێنەوە وخۆشیانیشی لێبكەن بەكەڕەی شەربەت.ئەم تاكتیكەی جەلالیەكان

هەرلەسەردەمی(بەکرەجۆیانەوە)تابوونی جەلال بەسەرۆکی***(شارەوانی ناوچەی سەوزی بەغدا)***هێندەبار بۆتەوە. پیویست بەسویندخواردن ناکات .لەم وتارەدا من قسەم لەسەر هەڵویستی سیاسی هیچ نووسەرێك وکاکە حەمە نیە.هەرچەندە من و کاکە حەمە پەیوەندیەکی زۆر جوان پڕپێزمان هەیەوبیرکردنەوەی سیاسیشمان زۆر لەیەکەوە دوورە وەلێ ئەم دووربونە هزریە نەبۆتە لەمپەرێ لە نیوانماندا.من کە داکۆکی لە کاکە حەمە دەکەم داکۆکی لە مافی نووسین وئازادی تاك دەکەم.ئەوتاوانەی بەرامبەربە کاکە حەمە کراوە ئەگەر نووسەرانی کورد هوشیاربن تاوانە بەرامبەر بە ڕێز وبەرزی پینوس و نوسین وئازادی تاکی کۆمەڵ.هیچ نووسەرێك نیە بڕوای هەبێ کە لەپشت کەوالیسی گوولەکانی غەفورەوە نەخشەیەکی ڕەشی مەلا بەختیار یان جەلالیەکان نەبێ.بۆیە دەڵیم مەلا بەختیار چونکە ئەم (تیرۆرستە).هەر لەسەرەتای کاری سیاسیەوە لێپسراوی تیرۆربووە لەسلیمانی(لەم ووتارەدا بەڵگەکە ئاشکرادەکەم)لێرەدا سەرنجی من بۆ بێدەنگی نووسەران وسەندیکای ڕۆژنامەنووسانە ودەسەڵاتی هەولێری خاوەن خەلاتە .

خویندنەوەی گوللە دژی ووشە...کاکە حەمە وەك هەر نووسەریکی تری ئەم دونیایە هەوادار و شەیدا و دوژمنی زۆرە...وەلی نەك کاکە حەمە بەڵکو هیچ نووسەرێك ئەگەر بەعسیش بێ شایەنی گوللە نیە....ئەگەر تەنیا گوللەی چەکی ووشە بێت...کاکە حەمە نووسەرە بۆیە شایەنی گوللە نیە... بەڵکو شایەنی دەستڕیژە ووشە و ڕەخنەیە .

بەداخەوەخوێندنەوەی هەندی نووسەروکاکە حەمە خۆشی بۆ گوللەکانی غەفوری برای خویندنەوەیەکی(بەپێز و زانستی ومرۆی وسیاسی) نەبووە.دەبێ پێش گشت شتێ ئەو ئاشکرا بکەبن ( تاوانبار غەفور وتاوانلێکراو کاکە حەمە ) هەردووکیان قوربانی دەسەڵاتێکی فاشین (جەلالی)...توژینەوەی زانستی لەسەر تاوانەکە وایە : بابزانین باری دەرونی وئابوری وزرنگی غەفور چۆنە؟؟ کەسێکی بێکار و خاوەن کۆشێ خێزانە؟؟.چ فاکتەرێك لەپشت تەقەکردنی لەبرای خۆی هەیە؟؟؟.تەقەکردن لە کاکە حەمە چارەسەری چ گرفتێك دەکات؟؟

غەفور کە تەقەی لە کاکە حەمە کردوە پێشکات نەخشەی بۆ داریژراوە؟؟ کێ بۆی داڕشتوە؟؟ئەگەر پەیوەندی کاکە حەمە وغەفور پچڕابووبێت . غەفور چۆن زانیویتی کاکە حەمە لە سلیمانیەوە لە نزیك مزگەوتی گەورەوەیە؟؟.دیارە هەر لەکاتی گەیشتنی کاکە حەمە بەسلیمانی ئەندامانی سیخورخانەکەی ئاسایش چاودیریان کردوە...گەڕاون بۆ هەلێك تا غەفوری تێدا بەکاربهێنن. تەقەکان بە مەبەستی کوشتن نەبوون بەڵکو لەگەڵ ڕێزما بۆ کاکە حەمە هەڕەشە و تەمێکردن بووە. چونکە گوللەکان بەشوینی بڤەوە نەنراوە.لە پشت ئەم ڕاستیەوە دوو سەرنج هەن یان.:

یان نرخی کارەکەی غەفور کەم بووە...یان خودی غەفوری بەوە ڕازی نەبووە کە براکەی بکوژێ.بۆ هەندی پارە..لە هەمان کاتیشدا پیویستی بە بڕێ پارە هەبووە. بۆیە مرۆڤیك بگاتە ئەو ڕادەی گەرەکی بێ کەسێك بکوژی دەزانی چ بەشیك لە لەشی مرۆڤدا بۆ کوشتن نزیکە.غەفور لەسلیمانی

دەژی.سلیمانی هەموو نا زوربەیان جەلالین...جەلالیش تا سەر ئیسقان دژی کاکە حەمە و گشت خاوەن هەڵویستکی جوان وپێنوسی جەربەزەن.بۆیە نزیکە کەجەلالییەکان توانیبیتیان بەکەڵك وەرگرتن لە ساردی نێوان خیزان وهەژاری غەفوریان لەخشتە بردبێ..چونکە جەلالییەکان خۆیان ڕاستەوخۆ ناتوانن دەست لە کاکە حەمە بوەشینن لەبەرئەوەی سزادانی کاکە حەمە لەسەر جەلالییەکان چ لە کوردستان و چ لە هەندەران وەك هاووڵاتییەکی سویدی لەسەریان دەکەوێت. بۆیە نزیکترین و بێسەرئیشە بەکارهینانی غەفوربووە.من لەو بڕوایەدام ئەگەر بەڕێزکاك حەمە فەریق حەسەن کە دڵنیام کەسێکی زۆرباشە...لە سلیمانی بە کلاشنکۆفەوە ببینم تەقە لە کاکە حەمەی برای بکات بڕوا دەکەم...بۆ؟؟بوونی دووژمنایەتی دووبرا بوونی هەموو گرفتەکانی سلیمانی بوونی دەسەڵاتێکی بۆگەنە کە سەروەری شارێکی ئەتکردوە.بۆیە بەلای منەوە گوللەکانی غەفور گوللەی دەسەڵاتی جەلالییەکانە.نەك دەستی غەفووری داماو...نەك غەفور زۆربەی پیاوکوژەکانی دانیشتوانی سلیمانی ڕۆبۆتەی دەستی جەلالین.لە بەرنامەیەکی تەلەفزوینی( Kurdsat)مەلا بەختیار بەئاشکرا باسی جۆنێتی تیرۆرکردنی پاریزگای سلیمانی کرد...وەلی خۆی گوللەکانی بە پاریزگاوە نەناو لە دوورەوە چاوەڕی ئەنجامی دەکرد.ئەوانەی بەجێبەجێکردنی ئەوکارە تیرۆرستەی مەلا بەختیار هەڵسان خەڵکی شاری سلیمانی و جەلالی بوون(ئەم فلیمە لە ئەرشیفدا ماوە)دەتوانرێ لەکاتی گەیشتنی مەلا بەختیار بە ئەوروپا...وەك بەڵگەی مرۆڤکوژ و تیرۆرست بۆ دادگای ماڤ مرۆڤ ڕاپیچ بکرێت.ئەو تەورانەی سەری وریای قاشکرد...بەدەستی بەعس نەبوو...دەست و مەچەکی هاوڕێکانی شاخی بوو.کوشتنی کاك ئارام لەسەر ویستی جەلال بوو..کوشتنی ( جمالی علی باپیر و شیرکۆی شیخ علی و جەزای علی کاتب وەك کاك نەوشیروان لە یەکی لەپەرتووکەکانیدا ئاماژەی پیکردوە بە نەخشەی تیرۆرست مەلا بەختیار بووە..لەسەردەمی شەڕی گەرمی(جەلالی و مەلای)کێ بوو هەڕەشەی کوشتنی لە نووسەرانی سلیمانی کاك ڕوف حەسەن وکاك حەمەفریق حەسەن)کرد مەلا بەختیاربوو..خاوەن بەڵگەکان گشتیان زیندون(ئەگەرجەربەزەبن لە وتنی ڕاستی)کوشتنی کەسایەتی بەڕێزی سلیمانی(علی بۆسکانی)لەسەر ویستی جەلال بوو..و..دوای کوشتنەکەشی چوە(تعزییکەی).درێژترین وخۆیناویترین شەڕی نێوان کورد(مەلای و جەلالی) بە نەخشەی جەلال بوو...نەك خوا...مۆڕاڵی جەلال بتوانی گەلێکی چەند ملوینی لە ساڵی 1964وە تووشی شەڕی براکوژی بکات....ئیتر چۆن ناتوانی شەڕو ناکۆکی لە نیوان دووبرای وەك(کاکەحەمەسەعید حەسن وغەفور) دروست بکات؟



**ئافرەتێكی قوربانی كۆمەڵگای جەلالی**

**.ساڵی 1992 كە گەڕامەوە بۆ سلیمانی چاوپێكەتنێكم لە تەك(هاژەخان)ئافرەتێكی لەشفرۆشی سلیمانی كرد...بەشێك لەو توژینەوە سۆسۆلۆگی و ئابوورییەی من بەرهەمم هانی ئەوە بوو هەردوو(هاژەخان وشۆفیری ئەو تەكسیەی هاژەخانی پیٚ ناساندم)شەرمەزاری ئەو كارەبوون كە دەیان كرد..هۆكەشی لەیەكی لەوەڵامەكانی هاژەخانمدا دیارە. هەردووكیان قوربانی دەسەڵاتی گەندەڵی و گەوجی جەلالی بوون.ئەگەر هاژەخانم وكاكی شۆفیری تەكسی كار و نان و خانوو ژیانێكی ئارام و مسۆگەریان لە سایەی(دەسەڵاتێكی دیموكراتی و مروویەوە) هەبوایە هیچكامیان پەنایان نەدەبردە بەر لەشفرۆشتن وگەوادی..جەلالییەكان هەمیشە پیشەیان بووە و ترسنۆكانە نەیارەكانی خۆیانیان لە ناوبردووە .ئەوان بە خوینی سەری كاكە حەمە تینوین وەلی دەزانن هەموو هەڵەیەك بەرامبەری لەسەریان زۆر دەكەوی بۆیە غەفوری داماویان كردوە بە مقاش و پشكۆی كاكە حەمە سەعیدیان پێگردوە .زیانمەندیش خیزانی كاكە حەمەیە..**

**بۆیە دەبوایە كاكە حەمە بەو زمانە و بەو شێوەیە نەیڕوانیبیاتە غەفوری برای.غەفوریش قوربانییەكی ترە وەك هەموو ئەو گەنجە داماوە بیٚ ئایندانەی كە لەتاو بێكاری و بیٚ نانی و بیٚ ئایندەی ئاڵتونی خوشك و دایكیان دەدزن وبەرەو هەندەران ڕادەكەن.غەفور قوربانییەكە وەك ئەو هەموو داماوانەی لەتاو سەربازی دەبوون بە خەفیفە.ناچاردەكران براكانی خۆیان بكوژن ..غەفور قوربانی دەسەڵاتێكی گەوجی گەندەڵە كە پیرۆزی شاری سلیمانی ئەتكردوە..غەفور وێنەیەكە لە هەزارەها غەفورەكانی تری كوردستان...بۆیە خۆیندنەوامان بۆ گوللەكانی غەفور دەبێت خۆیندنەوەیكی ژیرانە بێت تا جەلالییەكان بزانن .....مرۆڤی ژیر ماوە .**

**سان پیترسبۆڕگ** 2006 /10/01

jazachingiani@hotmail.com
www.chingiani.de